سەروتار



مەلا بەختیار
لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی (ی ن ك)
تایبەت بە کوردستان دیپلۆماتیك

# لاوازیی تێگەیشتنی فەلسەفە و نزمیی پێگەیشتنی سیاسی

## فەلسەفە لە کوێی تێگەیشتنی پارتە سیاسییەکانی کوردستاندایە؟

**پێویستە فەلسەفە و فەلسەفەی سیاسی، لەم بەلەنگازیە دەرباز بکرێن. بەڵکو کاتی هاتووە هاوتەریب سەیری ئەرکە سیاسیو فەلسەفیەکان بکرێ. هەتا، ئەم هاوتەریبیە، لەنێوان سیاسەتو فەلسەفەدا، نەخەینە ناو پرۆسەی جیهانبینی نوێ، لەم سەردەمە نوێیەدا، مەحاڵە وەرچەرخانە گەورەکان، لە کوردستاندا، روبدەن. هەتا وەرچەرخانە گەورەکانیش لەبوارەکانی پەروەردە، سیستەمی دیموکراسی، کۆمەڵایەتی و هزری گشتی رونەدەن، نەتەوەکەمان بەردەوام لەدەرەوەی بازنەی شارستانیەتی هاوچەرخیشدا دەمێنێتەوە**

فەلسەفە، بنەمای تێگەیشتنی زانستیانەی تاکو کۆی کۆمەڵە. چۆن پەیوەندی لەنێوان فەلسەفەو جیهانبینی مرۆڤ هەیە، بەهەمان چەشنیش، پەیوەندی ئۆرگانیکی لەنێوان فەلەسەفەو سیاسەتدا هەیە. فەلسەفەی سیاسیش، لەتێگەیشتنی بنەماکانی فەلسەفە، بەتایبەتی فەلسەفەی هاوچەرخ، لەم چەرخەدا، لێک جوێنابنەوە.

دامەزراندنی حزبو رێکخراوی سیاسی، بەبێ دەربەستی فەلسەفی، هەروەکو چاندنی درەختێکی بێرەگە، لەناو خاکدا. درەختەکە، ماوەیەک بەسەوزی خۆی رادەگرێ، بەڵام کەمە کەمە سیسو لاواز دەبێ. بەپێچەوانەشەوە، تێگەیشتنە فەلسەفیەکان، بۆ حزبە سیاسیەکان، رەگو ریشەی ئایدیۆلۆژیو سیاسیو تەنانەت ستراتیژی حزبەکانیش، دەخاتە

ناو ئەو پرۆسە سیاسییە بابەتیانە، کە لەناو هاوکێشە کۆمەڵایەتیەکاندا، سەرهەڵدەدەن.

هەتا کۆتایی نەوەدەکان، هێزە سیاسیەکان بایەخی باشتریان دەدایە فەلسەفە. تەنانەت فەیلەسوفو بیرمەندی دەسنەبژێریش، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کوردەواریدا، هەڵکەوتن. بەڵام لە راپەڕین بەدواوە، بەگشتی بایەخپێدانی فەلسەفە، لەناو لایەنە سیاسیەکان، هەتا دەهات کز کز دەبوو، لەدەرەوەی حزبەکانیش، بەشێکی ئەوانەی دەیانویست زەمینەی بەیاری فەلسەفە بکێڵن، لەبەرئەوەی خراپیان دەکێڵا، بۆیە، لەبری ئەوەی بۆ پەروەردەی فەلسەفی لەناو کۆمەڵدا، پارسەنگی پاشەکشەی حزبەکان بن، بەڵام بەپەیڕەوکردنی کۆپیگەرایی فەلسەفەو رەواجدان بە فەلسەفەی پۆستمۆدێرنێتە، جەزرەبەیان نەک لە تێگەیشتنی نوێی فەلسەفە دا، بەڵکو کاریگەریە پۆزەتیفەکانی فەلسەفەی کلاسیکو فەلسەفەی هاوچەرخیشیان لاوازتر کرد. کاتێکیش کاریگەریە پۆزەتیفەکانی فەلسەفەی کۆنو نوێ، پاشەکشەی کرد، لەبەرامبەردا، بەهۆی زەقکردنەوەی نێتشەی لائیکو رەواجدان بە هایدگەرو بەرەودان بە فۆکۆ..تاد، ئەم رێبازە فەلسەفیانە، هەریەکەیان بەنۆرەی خۆیان، بوونە مایەی تێگەیشتنی نەهلستیانە بەرامبەر فەلسەفە بەگشتیو حزبو دەسەڵاتەکان بەتایبەتی. لەدوائاکامیشدا، بینیمان، تاڕادەیەک ئیسلامگەراکان سودیان لەو نەهلستیە فەلسەفییە وەرگرت.

دەهەیەکە، پۆستمۆدێرنەکان لە بنبەستدان. هێزە ئیسلامگەراکانیش لە تێکشکاندان. ناسیۆنالیستە دواکەوتوەکانیش لە پاشەکشەدان، بەڵام لەبەرامبەردا هاوکاتی هاتنەوەکایەی مۆدێرنێتەی رەخنەلێگیراو، روانگەی مۆدێرنێتەو رۆشنگەری هاوچەرخ، خەریکە شوێنی خۆیان لەناو کایە فەلسەفیەکاندا دەکەنەوەو لەگەڵ دیاردەو دەرکەوتە کۆمەڵایەتیو سیاسیو شیلەی هزردا، کارلێک دەکەن، بەڵام هێشتا، لەچاو سەنگینی ئەرکی فەلسەفە، سیاسەتی حیزبەکان، راگەیاندنەکان، زانکۆ و ناوەندەکانی روناکبیریش، لەم سەردەمەی سۆسیال میدیاشدا، بایەخێکی کەم بە ئەندێشە فەلسەفیەکان دەدەن. هەتائێستاش سالانە، سەدان مەلا بۆ مزگەوتەکانو، دەیان سەرکردە بۆ حیزبەکانو، هەزاران کادرو ئەندام، لەناو لایەنەکان پێدەگەنو بە پەروەردەی سیاسی-فەلسەفی نزمو تێگەیشتنی سەقەت، پەلوپۆ دەهاونە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی. لەبەرامبەردا، هێشتا دەسنەبژێری کەم لە بواری فەلسەفەدا، پێدەگەنو هەوڵێکی کەمیش بۆ پەروەردە فەلسەفیەکان لەناو رای گشتیدا هەیە. واتا: بنچینە فەلسەفیەکان هێشتا لەناو دەسنەبژێرەوە، بەشێوەیەک لەشێوەکان نەکراوەتە بەشێکی تێگەیشتنو پێگەیشتنی رای گشتی. بۆیە، رای گشتیش جاری لەژێر هەژمونی ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدایە، بەڵام بە ئارایشتی ئایینی نوێ! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکە روینەداوەو، ئەقڵیش نەبۆتە چەقی بیرکردنەوە.

ژیانێکی کۆمەڵایەتی زۆرینەیان کۆیلەی ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست بن، دیارە، ئاستی تێگەیشتنی فەلسەفەش چەند نزم دەبێ. لەئاکامیشدا ئەنجامێکی ئاساییە، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەمەلایەنەی تیادا رونەدات. کەواشبێ، دواکەوتن، ژنکوشتن، هێزی سەلەفی دروستکردن، ئازادی پێشێلکردنو دوژمنایەتی رۆشنگەریو سیکولاریزم

سـەپاندن، دەبنە زادەی ئاسایی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیستەمی سیاسیو بەڵکو هەڵگەڕانەوەش لەدیموکراسی.
وەچەی جیهانگیری، دەشـێ بەهەمان ئاریکـە ڕێگاکانی رابوردودا ئێنەپەڕین. دەکـرێ نائومێـدی جێگـەی ئومێدمان نەگرێنـەوە. دیاردەگەلێکـی هانـدەر هـەن، دەتوانـدرێ سـودی باشـتریان لێوەربگیرێ. لەوانە:
میدیـای جیهانیـی؛ سۆسـیال میدیـا؛ پەرەسـەندنی زانکۆکان لە شارەکانداو پەیوەنـدی فـراوان لەگـەڵ زانکـۆو ناوەندەکانـی زانسـتو فەلسـەفە جیهانیەکاندا. بونی هەزاران مامۆستای پەیمانـگاو زانکـۆو ناوەندەکانـی دیکـەی پـەروەردە. دەسـتکەوتنی سـەرچاوەکانی چـاپو چاپەمەنـی بە زمانـە جۆراوجـۆرەکان. هاوتوچـۆی هەنـدەرانو هێنانـی بڕوانامـەی بـەرز. دەستپێڕاگەیشـتنی تەکنەلۆژیاو دەسـتکەوتنی تەکنیکی، توانای گۆڕینی فەلسـەفەی پەروەردە، بونی هەزاران ڕێکخراو، گروپ، ئێن جی ئۆ..تاد.
ئـەم بوارانـەی باسـمان کـردن، بـۆ سەردەمەکە، گەلێ گرنگن، وەکو کەناڵی زانستی، توێژینەوە، ڕەخنە، مەعریفەو ڕۆشـنگەری، لـەم ڕێگایانەشـەوە، گۆڕانکاری لە فەلسـەفەی پەروەردەدا زانستیانە بکرێ، سودی هەمەلایەنەیان لێوەردەگیـرێ. کورتیەکـەی: ئاقـە بـوار، کـە بتوانـێ، بـواری لاوازی فەلسـەفەو نەبونـی فەیلەسـوفمان بۆ قەرەبوبکاتـەوە، لەهەمـوو بوارەکانی تـر پتـر، بـوارە ئاماژەپێکراوەکانـن. لاشـمانوایە، هۆیەکی هەرە نەگەتیفی، کاریگەری لاوازی فەلسەفە لەسیاسەتدا، کارامە نەخسـتنەگەڕی ئـەو بوارانەیە، بـۆ ڕاپەڕاندنـی سـەرجەم ئەرکەکان. لەوانە ئەرکە فەلسەفی-سیاسیو ئینجا ئەرکە ڕۆشـنگەریەکان.. هەڵبەتە، ئەو دۆخـەی هەتـا ئێسـتا لەمەیدانەکانی سیاسـەتدا دەگـوزەرێ، نـەک هەر لە سودی سـەلەفیەتو هزری سەدەکانی ناوەڕاسـتدایە، بەڵـکو لەقازانجـی ئەقڵیەتی تەقلیدی جیهانی سیاسەتیشە. ئەو ئەقڵیەتەی، مەفرەزەیەکی چەکدار ناگۆڕێتەوە، بە زانکۆیەکی فەلسەفە.
پێویستە فەلسەفەو فەلسەفەی سیاسی، لـەم بەلەنگازیە دەربـاز بکرێن. بەڵکو کاتی هاتووە هاوتەریب سەیری ئەرکە سیاسـیو فەلسـەفیەکان بکرێ. هەتا، ئـەم هاوتەرییبـە، لەنێوان سیاسـەتو فەلسـەفەدا، نەخەینـە نـاو پرۆسـەی جیهانبینی نوێ، لەم سەردەمە نوێیەدا، مەحاڵـە وەرچەرخانـە گـەورەکان، لەکوردسـتاندا، روبـدەن. هەتـا وەرچەرخانە گەورەکانیش لەبوارەکانی پـەروەردە، سیسـتەمی دیموکراسـی، کۆمەڵایەتیو هزری گشـتی رونەدەن، نەتەوەکەمـان بـەردەوام لـەدەرەوەی بازنەی شارسـتانیەتی هاوچەرخیشـدا دەمێنێتەوە. یان وردتر بڵێین: سیستەمی دەسـەڵات بـۆ دەسـەڵاتدارێتی درێژە بە دەسـەڵاتەکەی دەداتو سیسـتەمی حزبایەتی کلاسیکیش، لەسەر سیاسەتی کۆنسـرڤاتیزم بـەردەوام دەبـێ.. لەم حاڵەتەشـدا، پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی دواکەوتوو، کە کانگای بیری سەدەکانی ناوەڕاستە، بەچەقبەستویی دەمێنێتەوە. دەمێنێتـەوە بڵێیـن: لەسـەردەمی کۆیلەیەتیدا، برسێتی لەشکری کۆیلەیان لەدەوری خاوەن کۆیلەدا، کۆدەکردەوە. لەم سەردەمەشـدا، نەبونی سـتراتیژی فەلسـەفەو فەلسـەفەی ڕۆشـنگەری، هـزری رای گشـتی دەکاتـە کۆیلـەی ئەندیشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست.